گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper22
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 24/05/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 23/07/2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2024

# ململانێی ڕۆڵ لای مامۆستایان و فەرمانبەرانی ڕەگەزی مێ لە زانکۆی ڕاپەڕین

**سیڤان عمر اسماعیل[1] - پێشەوا بابکر برایم[2] - فاڕووق یەزدان ستا[3]**

yazdanseta2010@gmail.com peshawa.babakr@uor.edu.krd - sivan.omar@uor.edu.krd

[1+2]پێشەوا بابکر برایم، بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[3]بەشی زانستە پەروەردەییەکان، لقی سەقز، زانکۆی ئازادی ئیسلامی، سەقز، ئێران.

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی ململانێی ڕۆڵ لە لای مامۆستایان و فەرمانبەرانی ڕگەزی مێ زانکۆی ڕاپەڕین بە گشتی و بەپێی گۆڕاوەکانی (دۆخی هاوسەرگیری، ئاستی خوێندن، و ساڵی خزمەت). کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەرانی ڕەگەزی مێ لە زانکۆی ڕاپەڕین، و نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (114) مامۆستاو فەرمانبەر. ئامرازی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە پێوەرێکی ململانێی ڕۆڵ کە لە (٣٦)برگە پێکهاتوە و لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە. ئەو شێوازە ئامارییانەی کە بەکارهێنران بریتین لە: تاقیکردنەوەی t یەک نمونەیی و ئانۆڤا(ANOVA). دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پیشاندەری ئەوەیە کە ململانێی ڕۆڵ نزمە لەلای نمونەی توێژینەوەکە، بەپێی گۆڕاوەکان، گۆڕاوی باری هاوسەرگیری، جیاوازییەکی بەرچاو(مانادار)ی لە نێوان گروپە سەڵت و خێزاندارەکاندا نیشان نەدا بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو (مانادار) بەپێی باری خوێندن و ساڵانی خزمەتکردن بەدیکرا.

**کلیلە وشەکان:** ململانێ، ڕۆڵ، ململانێی ڕۆڵ، مامۆستا و فەرمانبەری ڕەگەزی مێ

## پێشەكی

### كێشەی توێژینەوە

لەكۆندا و بەپێی دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكان كاری ژنان تەنها بە ماڵەوە گرێدرابو، بەڵام لە ئێستادا و بەهۆی پێشكەوتنە كۆمەڵایتییەكان و كرانەوەی زیاتری كۆمەڵگا، لەلایەک و گرانبونی زیاتری باری ئابوری خێزانەكان، وایكردوە ژنان بچنە دەرەوە كاربكەن، كارەكانیشیان تەنها لەیەک بوار سنوردار نەكەن بەڵكو لە چەندین بواردا كاربكەن، هەروەها لە بواری خوێندنیشدا بڕوانامەی زانستی بەدەستبهێنن(الصادق،2014 :10).

كاپور (1974) پێیوایە كە ململانێی ڕۆڵ بۆ ژنان زیاتر لەنێوان كارو پیشەكەیدا سنوورداره ئەمەش كارێكی سروشتیە، بەڵام نەزانینی دابەشكردنی كاتەكان لە نێوان كارەكانی ماڵەوە و پیشەدا دەبێتە هۆی دروست بونی ململانێ و گرژی، هەروەها پاترسۆن(1978) پشت ڕاستی ئەوەدەكاتەوە كە ئەو ململانێیەی ژنان بەهۆی گێڕانی ئەو دو ڕۆڵەیە، و بێتوانایی لە هەڵگرتنی بارگرانیەكانی هەردو ڕۆڵەكە دروست دەبێت، لەلایەكی ترەوە هۆلاهان و جیلبێرت (1979) جەخت لەوەدەكاتەوە كە زۆرجاران ئەو ململانێی كە لە ژناندا هەیە بەهۆی ئەو ڕۆڵە ناچارییەیە كە دەبێت لەماڵەوە وەک (دایک و هاوسەر و خاوەنی ماڵ) ڕۆڵ بگێڕێت و ئەو ڕۆڵەی لە دەرەوە وەک كارمەند یان فەرمانبەر بیگێڕێت، زۆر جاران ململانێكە لە ئەنجامی ڕۆڵە دژبەرەكانە كە ئەنجامی دەدات دروست دەبێت(مدفونی،2019: 7). چونەدەرەوەی ژنێک بۆ كار، لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبونی ناهاوسەنگی ململانێ لەژناندا، وادەكات بیربكەنەوە لەوەی چۆن بتوانن گونجانێک دروست بكەن لە نێوان كارەكانی ماڵەوەیان كە وەک دایک یان وەک هاوسەر یان كارەكانی دەرەوەیان وەک مامۆستا یان پیشەیان فەرمانبەر(عمومن،2013: 10). بۆیە لێرەوە ململانێی ڕۆڵ ڕەنگدانەوەی كێشە كەسی و كۆمەڵایەتییەكانە و ناتوانێ بەباشی كارەكانی ئەنجامبدات، ململانێش بەزۆری لە نێوان كارە تایبەتەكان و پیشەكەیدا سەرهەڵدەدات، كە ڕەنگە هەندێجار هەڵوەشانەوەی خێزان یان ناتەباییی بەدوادابێت(سلامە،2007: 135).

(الختاتنة،2012) پێیوایە كە كاركردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ بە كاری لاوەكی دادەنرێت، ئەوەی دەبێتە هۆی دروست بونی فشاری پیشەیی دروستبونی ململانێ، ئەوەیە كە داواكاریەكانی كارەكەی زیاترە لە توانای كارمەندەكە (الختاتنة،2012: 90). (الاحسان،٢٠١٥) لە توێژینەوەكەیدا گەیشت بەو ئەنجامەی كە مامۆستایان زۆرتر توشی فشاری پیشەییی دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە توشی ململانێی ڕۆڵ ببن(الاحسان،2015: 188). هەروەها (الشریفین و أنور السموحی، 2017) لەتوێژینەوەكەیاندا كە لە وڵاتی

ئەردەن ئەنجام دراوە لە کۆتایدا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە ململانێی ڕۆڵ لەلای ژنانی پزیشک زیاترە وەک لە پیاوانی پزیشک، هەروەها (الفيفى2020) لە توێژینەوەکەیدا کە لە زانکۆی (ام القرى) ئەنجامدراوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ململانێی ڕۆڵ لەلای ئەو ژنانە زیاترە کە هاوسەرگیریان کردوە بەبەراورد بەو ژنانەی کە هاوسەرگیریان پێک نەهێناوە، لە کۆتایدا کیشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم پرسیارەدا دەبینێتەوە، ئایا ململانێی ڕۆڵ هەیە لەلای مامۆستایان و فەرمانبەرانی ڕگەزی مێی زانکۆ؟

## گرنگی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی ئەو دیاردەیە وەردەگرێت کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. ململانێی ڕۆڵ هەر لەگەڵ بونی مرۆڤ بونی هەبوە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکی ژیانی ڕۆژانەمان، بەو پێیەی دۆخێکی سروشتی کارلێکی کۆمەڵایەتییە، ململانێی ڕۆڵ ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوە لە پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵگاکاندا و گواستنەوەیان لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر(الزهيري،2012: 5). هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و دۆخی دارای خێزانەکان زیادەڕەویان لە ڕۆڵەکانی تر، کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر ململانێی ڕۆڵ (الخولی، ٢٠٠١: 17).

پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی یەکێکە لە گرنگترین ئامانجەکان، هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕوی مەیدانیەوە و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی، دەتوانێت یارمەتی بڕیاردەران بدات لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، بیرکردنەوە لە کوالیتی ژیان و سەربەخۆیی و سەقامگیری خێزانەکان لە ئەمڕۆدا بۆتە گرنگترین باسی نێو کایە ئەکادیمیەکان، بۆیە ئەم توێژینەوەیە وادەکات تێگەیشتن لە بارودۆخی ژیانی مامۆستاو فەرمانبەرانی زانکۆ لە ئێستاو لە داهاتودا زیاتر بێت، و هەروەها کاریگەری هەبێت لەسەر دەستنیشانکردنی کێشە جۆراوجۆرەکانیان.

هەروەها گرنگیەکیتری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر پرسەکانی ژنان و خێزان و پێشخستنی یەکگرتویی کۆمەڵگا بە گرنگیدان بە بابەتێکی گرنگ کە پەیوەندی بە لایەنە دەرونی وکۆمەڵایەتیەکەیەوە هەیە (خۆشناو،2021: 357).

ململانێی ڕۆڵ یەکێکە لەو بابەتانەی کە نیگەرانی لە بواری ڕەفتاری مرۆڤدا دوروژێنێت، بۆیە ئەم بابەتە وەک یەکێک لە دیاریکەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتن یان شکستی دامەزراوەکان دادەنرێت، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ زانینی ئاستی ململانێی ڕۆڵ لە نێوان مامۆستایان و فەرمانبەراندا، هەروەها گرنگیدان بە دەستنیشانکردنی ئەو بەربەستانەی کە ڕوبەڕوی مامۆستاو فەرمانبەرانی زانکۆ دەبێتەوە و وەچۆنیەتی مامەڵەکردنی بەڕیوەبەرانی فەرمانگەکە لەگەڵیان.

## سنوری توێژینەوە:

**سنوری مرۆیی:** بریتییە لە مامۆستاو فەرمانبەری(ڕەگەزی مێ).

**سنوری شوێنی:** زانکۆی ڕاپەڕین.

**سنوری کات:** ساڵی 2023.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

1. زانینی ئاستی ململانێی ڕۆڵ لەلای مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆی ڕاپەڕین بەگشتی.
2. زانینی ئاستی ململانێی ڕۆڵ لەلای مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆی ڕاپەڕین بەپێی گۆڕاوەکانی (باری خێزانی، ئاستی خوێندن، ساڵی خزمەت).

## ناساندنی چەمکەکان

- **ململانێ**: دەکرێت ململانێ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێت کە حاڵەتێکی فشاری دەرونی لەخۆدەگرێت، یان ناڕەحەتیەکە لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان دو ئارەزو، یان زیاتر لە ئارەزویەک، یان لەوانەیە ناکۆکی نێوان دو ئیرادە یان زیاتر بێت، یان ناکۆکی نێوان دو ڕۆڵ یان زیاتر بێت(كريمة.2018: 17).
- **ڕۆڵ**: دینکن میشیل پێیوایە کە ڕۆڵ بریتییە لە ڕەفتاری پێشبینیکراو لەو کەسەی کە لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدایە (سەمین،2019: 3).
- **پێناسەی تیۆری ڕۆڵ:** مەبەست لە ڕۆڵ لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە هەمو ئەو چالاکییانەی کە مامۆستایان و فەرمانبەران لە ماڵەوە یان لە پێگەیەکی ڕەسمی لە زانکۆ ئەنجامی دەدات.
- **ململانێی ڕۆڵ:** بێتوانایی مامۆستا یان فەرمانبەرە لە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ڕۆڵی خێزان و ڕۆڵی پیشەیی، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی حاڵەتی دودڵی و گومان لەلای مامۆستا یان فەرمانبەرەکەوە کە دەبێت چی ئەنجامبدات و کەی ئەنجام بدرێت و بۆ کێ ئەنجام بدرێت(الشريفين و السموحي،2017: 7).
- ڕیشارد Richard پێی وایە ململانێی ڕۆڵ ڕودانی دو ڕۆڵ لە یەک کاتدا، و قبوڵکردنی یەکێکیان دەبێتە هۆی گیرۆدەی قبوڵکردنی ئەویتر، واتە ئەو دو چاوەڕوانییە دژبەیەکن(ماجدة،2016: 25).

- **مامۆستا و فەرمانبەری ڕەگەزی مێ:** العدوي پێناسەی دەکات بەو ژنانەی کەلە دەرەوەی ماڵەکەی خۆیان کاردەکەن، کە دو ڕۆڵی سەرەکی لە ژیاندا دەبینێت، ڕۆڵی ژنێکی ماڵەوە، ڕۆڵی وەک مامۆستا یان فەرمانبەر (کریمة،2019: 17).
- **پێناسەی ڕێکاری بۆمامۆستا و فەرمانبەر**

بەپێی ئەم توێژینەوەیە ژنی مامۆستا یان فەرمانبەر ئەو ژنەیە کە لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆی کاردەکات، وەک مامۆستای زانکۆ یان فەرمانبەری زانکۆ کەڕۆژانە بەشێوەیەکی فەرمی لە زانکۆ دەوام دەکەن، جگە لەوە ئەرکی ماڵەوەشی وەک (دایک و هاوسەر وخاوەنی ماڵ) هەیە کە دەبێت جێبەجێی بکات.

- **پێناسەی ڕێکاری بۆ ململانێ ڕۆڵ:** بریتیە لەو نمرەیەیی کە نمونەی توێژینەوەکە لە پێوەرەکە بەدەستی دەهێنێت.

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو:

### چەمکی ململانێی ڕۆڵ:

ململانێی ڕۆڵ ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە ماندوبون و ترس، یان هەستکردنە بە کەمتەرخەمی، ژنان هەوڵدەدەن ڕۆڵە دڵخواز و ڕۆڵە دژبەیەکەکانیان بەیەکەوە بگونجێنن، ئەمەش وادەکات لە ڕوی دەرونییەوە ئامادەنەبن، لە پیشەکانیاندا، کەمتر بەرهەمدار بن، تەنانەت ئەو چەند ژنەی کە دەتوانێ هاوسەنگی لە نێوان پیشەکەی و دایکایەتی دروست بکات، لەگەڵ ئەوەش بەدەست ماندوێتی، و کەمی کات و پشتگوێخستنی لەشجوانی و دەرچونیان بۆ دەرەوە دەناڵێنن (عائشة،2012: 25 ). ململانێی ڕۆڵ کاتێک دروست دەبێت کە ئەو تاکە چەند ئەرکێک ئەنجام دەدات و لە هەر یەکێکیاندا ڕۆڵێکی جیاواز یان دژ بە ڕۆڵەکانی تر ئەنجام دەدات، وەک ئەو کەسەی ڕۆڵی سەرۆک ئەنجام دەدات لە کارەکەی، یان ڕۆڵی ژێردەستە، یان ڕۆڵی مامۆستا، بەڵام لە ماڵەوە ڕۆڵی مێرد و ڕۆڵی باوک یان ڕۆڵی دایک ئەنجام دەدات، ئەمەش هەندێجار دەبێتە هۆی دروستبونی ناکۆکی و فشاری دەرونی لەکاتی ئەنجامدانی ڕۆڵەکان، ئەم فشارانەش ڕەنگە بگەنە ئەو ڕادەیەی کە ڕێگری لە تاک بکات ڕۆڵەکەی بە شێوەیەکی قبوڵکراو ئەنجام بدات، و لەم حاڵەتەدا پێویست دەبێت بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێین بۆ ئەم ململانێیە (کریمة،2019: 50). هەروەها ململانێی ڕۆڵ لای ژنی ئیشکەر ڕەنگە لە ئەنجامی ئەو چاوەڕوانییە سەرهەڵبدات کە لەیەک کاتدا دەبێت ڕۆڵی خوی وەک دایک یان وەک مامۆستا یان فەرمانبەر ئەنجام بدات، لە ئەنجامی ئەو فرەیییەی لە ڕۆڵەکانی، ناتوانێت هەمو ئەم داواکاریانە بەدەستبهێنێت یان وەڵامی چاوەڕوانییە جۆراوجۆرەکان بداتەوە (مدفوني،2019: 63).

## جۆرەكانی ململانێی ڕۆڵ:

### یەكەم: ململانێ ڕۆڵ كە لە یەک كەسەوە دێتە ئاراوە:

ئەم جۆرە ململانێیە كاتێک ڕودەدات كە تاک لە ژینگەی كاردا بەرەوڕوی داواكاریە ناكۆكەكان یان دژبەیەک ببێتەوە، بۆ نمونە: بەڕێوەبەری گشتی یان سەرۆكەكەی داوا لە مامۆستایەک دەكات كە وانەی زیاتر بڵێتەوە و كاتی زیاتر لە زانكۆ بێت بەبێ ئەوەی كرێی وانەی زێدەكی بۆی هەژمار بكرێت(ماجدة، 2016: 98).

### دوەم: ململانێ لە نێوان دو ڕۆڵ یان زیاتر:

هەردوكیان لەڕوی كەلتورییەوە پێویستن، بەوپێیەی چاوەڕوانی كۆمەلایەتین وەک ململانێی ڕۆڵی ژن، لەڕوی كارەكانی لە دەرەوەی ماڵ و كاتەكانی بۆ خزمەتكردنی مێرد و چاودێریكردنی منداڵ، بەڕێوەبردنی ماڵ و كارەكانی لە دەرەوە ماڵ و چاودێریكردنی خێزانەكەی ناكۆكن، لە كاتێكدا هەندێک لە ژنان سەركەوتو دەبن لە ڕۆڵگێڕانی ئەو دو ڕۆڵە دژبەیەكە(الطویل،2001: 294).

### سێیەم: ململانێی ڕۆڵ كە لە ئەنجامی زیاتر لە كەسێكەوە دروست دەبێت:

ئەم جۆرە ململانێیە كاتێک ڕودەدات كە بەها و بیروباوەڕی تاكەكەس لەگەڵ ئەو چاوەڕوانی و داواكاریانەی كە لە كارەكەیدا داوایان لێدەكرێت ناكۆک بن، لەوانەیە بەڕێوەبەر داوا لە فەرمانبەران و مامۆستایان بكات بۆ ئەنجامدانی كار و ئەركێک كە لە توانا و لێهاتوییەكانیان زیاتر بێت. ئەمەش بەبێ ڕەچاوكردنی تواناو لێهاتویی داواكاری بۆ زیادەی كاركردن یان وانە وتنەوە لەوانەیە ململانێی ڕۆڵ بەرهەم بهێنیت(جمعة،2002 : 46).

### چوارەم: ململانێی ڕۆڵ كە لە ئەنجامی چەندین ڕۆڵی جیاواز لەشوێنی كاری تاكەوە دێتە ئاراوە:

ئەم جۆرە ململانێیە كاتێک ڕودەدات كە تاک زیاتر لە ڕۆڵێكی هەبێت و ئەم ڕۆڵانە لەگەڵ یەكتردا ناكۆک بن، دەرئەنجامی توێژینەوە زانستییەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە ناكۆكی رۆڵ لە ئەنجامدا چەندین كاریگەری نەرێنی زیانبەخش بۆ تاكەكەس دروست دەكەن، لەوانە بەرزبونەوەی پەستانی خوێن، زیادبونی لێدانی دڵ، بەرزی ئاستی دڵەڕاوكێ و گرژی، هەروەها دواجار كاریگەری نەرێنی لەسەر رێكخراوەكە یان فەرمانگەكە دروست دەكەن لەوانە رێژەی بەرزی ئامادەنەبون و رۆیشتن بۆ سەر كار، ئاستی نزم لە ڕەزامەندی لە كار، كەمی بەرهەمهێنان و كەمی متمانە بە فەرمانگەكە (جمعة،2002: 46).

### سەرچاوە (هۆكارەكان)ی ململانێی ڕۆڵ:

هۆکار و سەرچاوەی ململانێی ڕۆڵ زۆرن، هەندێکیان پەیوەندییان بە خودی تاکەوە هەیە، هەندێکی تریان پەیوەندی بەو ژینگە کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە تاک تێدادەژی، هەروەها هەندێکی تریان پەیوەندی بە پێداویستییەکانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە هەیە، بەگشتی لێرەدا ئاماژە بە چەند لەو هۆکارانە دەدەین:

1. تێگەیشتنی تاک بۆ خودی خۆی کە دو ڕۆڵی جیاواز یان زیاتر ئەنجام دەدات و هەردوکیان لەگەڵ بارودۆخی جیاوازدا دەگونجێت بەڵام لەگەڵ هەندێ بارودۆخی تر ناگونجێ بۆنمونە کاتێک مامۆستایەک خوێندکارێکی خزمی نزیکی نەیخوێندوە پێویستە دەرنەچێت لە وانەکە.
2. ناتەبایی لە نێوان پێداویستییەکانی ڕۆڵەکان و لە نێوان بۆچون و بیروباوەڕ و مەیلەکانیدا، ئەمەش کاتێک تاک مەیلی ئەوەی هەیە شتێک بکات بۆ کەمکردنەوەی ناتەبایی (الداهري،2011 :162).
3. زیادبونی داواکاری کار ئەمەش ئاماژەیە بۆ ململانێی نێوان ڕۆڵی کار و خێزان، لەم کاتەدا کە کرێکارەکە یان مامۆستا یان فەرمانبەرەکە کاتێکی پێویست بۆ هەردو بوارەکە نادۆزێتەوە(Akkas& Hossain &Rhaman,2015, p.206).
4. ناکۆکی لە ئامانج و بەهاکانی تاک لەگەڵ ئامانج وبەهاکانی ئەو ڕێکخراوە یان ئەو فەرمانگەیەی کە تێیدا کاردەکات.
5. ناکۆکی پێداویستیەکانی تاک لەگەڵ پێداویستیەکانی فەرمانگەکەی(حيزية،2015: 31).
6. فرەیی سەرکردەکان، کە کاتێک تاکێک وەک مامۆستایەک یان فەرمانبەرێک دەکەوێتە ژێر زیاتر لە سەرکردایەتییەک و فەرمانەکانی لە زیاتر لە سەرۆکێک وەردەگرێت، ئەمەش لەوانەیە ئەم فەرمانانە دژ بەیەک بن(Richard and Snwden,1993:n.p).

## ململانێی نێوان ڕۆڵی خێزان و ڕۆڵی دەرەکی:

لەنێو ئەو سەختییانەی کە ڕوبەڕوی هاوسەرەکان دەبنەوە، ناکۆکی نێوان ڕۆڵی خێزان و ئەو ڕۆڵانەی کە داواکارییە جیاوازەکانی ژیانی دەرەکی دەیسەپێنن، بۆ نمونە، ڕەنگە جۆرێک لە ناتەبایی لە نێوان ڕۆڵی کەسێک وەک باوک و ڕۆڵی دیکەی لە پیشەکەی کە سەپێنراوە بەسەریدا سەرهەڵبدات، یان ڕۆڵەکانی ژن: وەک ژن و دایک و ڕۆڵەکانی تر کە لەلایەن پیشەکەیانەوە سەپێنراون، یان ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەی کە ئەنجامی دەدات، بەڵام لێهاتویی و توانای کەسەکە بۆ ئەنجامدانی چەندین ڕۆڵی جیاواز لە ماوەی ژیانی ڕۆژانەیدا یەکێکە لەو پرۆسانەی کە ڕوبەڕوی چەندین سەختی دەبێتەوە، کە ڕەنگە ڕێگری لێبکات دەربارەی ئەنجامدانی ڕۆڵێکی دیاریکراو (الغرايبة،2012 :137).

## توێژینەوەکانی پێشو

### توێژینەوەی (الشریفین و السموحی، 2017)

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی ململانێی ڕۆڵی خێزانی و پیشەیی و فۆرمەکانی پەیوەندی بە نەخۆشەکان، لە نێو پزیشکانی ئەردەن، ڕێبازی وەسفیی–پەیوەندی بەکارهێنرا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتوە لە سەرجەم پزیشکانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی لە ئەردەن کە ژمارەیان(23602)پزیشک بوە، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە(373) پزیشکانی نێر و مێ، بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکانی، توێژەر پێوەری ململانێی ڕۆڵی ئامادەکردوە و بەکاریهێناوە،

ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردوە کە ئاستی ململانێی ڕۆڵی خێزانی پیشەیی لە نێوان پزیشکان لە ئەردەن لە ئاستی (تێکڕا)ی پێزانین بوە بە گشتی، هیچ جیاوازییەک نەبو لە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندن).

### توێژینەویەی (الفیفی2020)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی ململانێی ڕۆڵ و گونجانی پیشەیی بوە لەلای ژنانی ئیشکەرەوە، هەروەها زانینی ئاستی ململانێی ڕۆڵ و گونجانی پیشەیی و پەیوەندی بەهەندێ گۆڕاوی وەک (باری خێزانی، تەمەن، ئاستی خوێندن، سروشی ئیشەکە، ژمارەی ئەندامانی خێزان، داهاتی مانگانە).

توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، نمونەی توێژینەوەکەی پێکهاتوە لە (198) ژنی ئیشکەر، کەبەشێوازی هەرەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە،

توێژەر پێوەری ململانێی ڕۆڵی بەکارهێناوە، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتوە ئەمانەبون:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبو لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە بەشێوازێک ململانێی ڕۆڵ لای ئەم گۆڕاوانە بەرزبو (هاوسەردارەکان، ئەوانەی تەمەنیان لە 25ساڵ کەمتر بوە، ئاستی خوێندنیان نزم، ئەوانەی ژمارەی ئەندامانی خێزانیان زۆربوە، داهاتی مانگانەیان نزم).

### توێژینەوەی (کریمة 2019)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ململانێ ڕۆڵ لەلای مامۆستایانی ڕەگەزی مێ لە خوێندنگای سەرەتای لە شاری عین البیضاء.

توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، نمونەی توێژینەوەکەی پێکهاتوە لە (8) مامۆستای خوێندنگای سەرەتایی، کە بەشێوازی هەرەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە، توێژەر پێوەری ململانێی ڕۆڵی بەکارهێناوە، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتوە ئەمانەبون.

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبو لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە، واتە ململانێی ڕۆڵ هەبوە.

## لایەنی مەیدانی توێژینەوە:

**ڕێبازی توێژینەوە:** مەبەست لە ڕێبازی توێژینەوە کۆمەڵێ ڕێساو سیستەمی گشتییە جێبەجێ دەکرێت لەپێناوگەیشتن بە ڕاستیەکان لەبارەی دیاردەیەک(بۆکانی، 2016: 86)، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتوە.

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە سەرجەم مامۆستاو فەرمانبەر(ڕەگەزی مێ) زانکۆی ڕاپەڕین، کە ژمارەیان (293) بوە، وەک لە خشتەی ژمارە (١) ڕون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(1)

کۆمەڵگای توێژینەوە

| بڕوانامە | سینگڵ | خێزاندار |
|---|---|---|
| دکتۆرا | 3 | ١٣ |
| ماستەر | 9 | ٤٨ |
| دبلۆمی باڵا | 0 | 2 |
| بەکالۆریۆس | 45 | 87 |
| دبلۆم | 16 | 54 |
| ئامادەیی | 0 | 1 |
| ناوەندی | 0 | 2 |
| سەرەتایی | 1 | 1 |
| بێ بڕوانامە | 4 | 7 |
| کۆی گشتی | 78 | 215 |

**نمونەی توێژینەوە:** نمونەی ئەم توێژینەوە پێکهاتوە لە (١١٤) مامۆستا و فەرمانبەری ڕەگەزی مێ لە زانکۆی ڕاپەڕین کە بە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون وەک لە خشتەی ژمارە (٢) دا ڕون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(2)

نمونەی توێژینەوە

| ئاستی خوێندن: | ن |
|---|---|
| دبلۆم | 14 |
| بەکالۆریۆس | 37 |
| ماستەر | 47 |
| دکتۆرا | 16 |
| **کۆی گشتی** | **١١٤** |

**ئامرازەکانی توێژینەوە**: بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و وەرگرتنی پێوەرێکی گونجاو دوای بەدواداچونی زانستی بۆ سەرچاوەکانی پێشو، هەستاین بەئامادەکردنی پێوەرێک بەسود وەرگرتن لە پێوەرەکانی (خۆشناو،2021) و (مدفون، 2019) و (الزهیری،2012) کە لە (36) بڕگە پێکهاتوە بۆ هەر بڕگەیێک (3) بژاردە هەیە، دوای دەرهێنانی خاسیەتە سایکۆمێتریەکان (ڕاستگۆی و جێگری) بۆ پێوەری ئامادە کراو، پێوەرەکە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە جێبەجێ کرا.

**أ- ڕاستگۆی ڕواڵەتی**: ڕاستگۆی یەکێکە لە تایبەتمەندییە زانستییەکانی هەر پێوەرێک لە بواری توێژینەوەی زانستییدا، تاکو ئامرازی توێژینەوەکە بە ئامرازێکی دروست دابنرێت، کە تونای پێوانەکردنی دیاردەی باس لێکراوی هەبێت (ابراهیم، :٢000، ٤٣) بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی پشتمان بەڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەستوە بە دابەشکردنی پێوەرەکەمان بەشێوازێکی سەرەتایی کە لە (40)بڕگە پێکهاتبو، دوای پێدان بە پسپۆڕانی پەروەردەیی و دەرونی، و وەرگرتنەوەیان و جێبەجێکردنی تێبینییەکانیان بەپشت بەستن بەڕێژەی ٩٠٪ ڕازی بونی پسپۆڕان، بڕگەکانی (١٧، ٢٣، ٣٦، 40) لادران و سەرجەم بڕگەکانی تر وەک خۆیان مانەوە.

## ب- جێگیری پێوەری توێژینەوە:

جێگیری، یەکێکە لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئامرازەکانی توێژینەوە، کە پێویستە بەر لەوەی ئامرازەکە پراکتیزەو جێبەجێ بکرێت دڵنیابین لەبونی خەسڵەتی جێگیریەکەی، بایەخی پێوانەکردنی نمرەی جێگیری ئامرازی توێژینەوە لەوەدایە کە هەر کاتێک بە کارمان هێنا هەمان ئەنجامان پێبداتەوە، ئەو ئامرازەی کە ناجێگیرە و هەر جارەو ئەنجامێکمان بە دەستەوە دەدات، ناکری پشتی پێ ببەستین و بڕوا بە ئەنجامەکانی

بکەین و توێژینەوەکەش جێگای گومانەو تەنها بە فیڕۆدانی کات و تێچون و ماندوبون وهیچی تر، بۆیە جێگیری پێوەر بەومانایە دێت کە یان ئامرازەکە (چاوپێکەوتن، فۆرمی ڕاپرسی، پێوەرو تێبینی، تێکستەکان) چەندجار لەگەڵ هەمان گروپ وسامپڵ و لە هەمان هەلومەرجدا جێبەجێ بکرێت، ئەبێت هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات، چەمکی جێگیری بەو واتایە دێت کە ئامرازێکە کە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدیبێهنێت ئەگەر دوجار بەسەرهەمان گروپدا جێبەجێبکرێتەوە (بۆکانی، 2016 :177).

توێژەران بەدەرهێنانی جێگیری پشتییان بەستوە بە بەرنامە ئەلف کرۆنباخ کە جێگری پێوەرەکە (٧٦%) دەرچوە و لە ئاستێکی باش دایە.

**ئامرازە ئامارییەکان:** بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داتایانەی کە دوای جێبەجێکردنی کۆتایی دەست توێژەران کەوتون ئەم کەرەستە ئامارییانە بەکارهاتوە (ئەلفا کرۆنباخ، بەهای T بۆ یەک نمونەی سەربەخۆ، بەهای T بۆ دو نمونەی سەربەخۆ و (ANOVA).

## خستنەڕوی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

دوای کۆکردنەوەی ئەنجامەکان داخڵکردنیان بەهەگبەی ئاماری (spss)بەبەکارهێنانی (t-test) و (ANOVA)ئەنجامەکان بەم شێوازەی خوارەوە دەرچو بۆ هەریەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

### ئامانجی یەکەم:

### زانینی ململانێی ڕۆڵ لەلای مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی ڕاپەڕین بەگشتی.

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پشت بەستراوە بە دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو و ناوەندی گریمانەیی و لادانی پێوەری بۆ هەر یەکێک لە بڕگەکانی پێوەری ململانێی ڕۆڵ. هاوکات بۆ زانینی بەڵگەداری ئاماری جیاوازی نێوان ئەو دو ناوەندە سودمان لە تاقیکردنەوەی (T) بۆ یەک نمونەی سەربەخۆ ( one-Samples t-test) وەرگرت، کە وەکو لە خشتەی (3)دا دەردەکەوێت؛ بەهای (T) دەرهێنراو (٢,٧٣٤) بەشێوەیەکی بەڵگەداری ئاماری گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (١,٩٨٠)، ئەمەش بەو واتایە کە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی و ناوەوندی گریمانەیی، بەسەرنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەی دەرهێنراو (٣٤,١٥) بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی (٣٦)، کەواتا بەو ئەنجامە دەگەین، کە بەشدارانی نمونەکە بەشێوەیەکی بەڵگەدار ململانێی ڕۆڵیان نییە و لە خوارەوەی ناوەندی گریمانەییە، بە واتایەکی تر بەشداربوانی

نمونەی توێژینەوەکە توانیویانە وەڵامە باشترینەکانی فۆڕمی پێوەرەکە هەڵبژێرن. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی ڕاپەرین لە ئاستێکی هاوسەنگدان.

خشتەی ژمارە (3)

پێوانەکردنی ئاستی ململانێی ڕۆڵ لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە

| پێوەر | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | تی ژمێرەیی | خشتەیی | |
| ململانێ ڕۆڵ | ٣٤,١٥ | ٣٦ | ٧,١٩ | ٢,٧٣٤ | ١,٩٨٠ | **بەڵگەدارە** |

بەپێی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران پێیگەیشتون، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایان و فەرمانبەران تێگەیشتنێکی باشیان بۆ خودی خۆیان هەیە و توانای خۆ گونجاندنیان هەیە لەگەڵ ڕۆڵە جیاوازەکان، توانیویانە هاوسەنگیەک لە نێوان ڕۆڵە دژ بەیەکەکان دروست بکەن، هەروەها بە هۆی دڵنیابونیان لە داهاتە مادییەکان وای کردوە کە گونجانێک دروست بکەن لە نێوان داهاتەکەیان و جێبەجێکردنی پێداوایستیەکانیان، لە لایەکی دیکەوە مامۆستایان و فەرمانبەران، ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجی دامەزراوەکەیان یەک دەگرێتەوە و ئەوەش بۆتە هۆی کەمکردنی یان خود نەبونی ململانێی ڕۆڵ. بەڵام ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ناکۆکە لەگەڵ توێژینەوەکانی کریمة(2019) الشریفین و انور السموحین(٢٠١٧)، الفیفی (٢٠٢٠).

## ئامانجی دووەم:

## زانینی ململانێی ڕۆڵ لەلای مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی ڕاپەرین بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی.

دوای وەرگرتنی داتاو و کۆکردنەوەی بەکارهێنانی بەهەگبە ئاماری (SPSS)سەبارەت بە ئامانجی دوەمی توێژینەوەکە دەرکەوتوە، کە ناوەندی ژمێرەیی ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی کە سەڵتن (٣٣,٠٩) بەلادانی پێوەری (٤,٩٦) نزمترە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی کە خێزاندارن کە (٣٤,٨٠) بە لادانی پێوەری (٨,٢٢)، بۆ دەرخستنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری توێژەران هەستان بە تاقیکردنەوەی تی تێست بۆ دو نمونەی سەربەخۆ، دەرکەوت کە بەهای تائی (١,٣٨) بچوکترە لە بەهای تائی خشتەیی(1.9٨0) بەئاستی (0.05)ئاستی بەڵگەداری ئاماری نییە وەک لە خشتەی ژمارە(٤)دا ڕون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٤)

ناوەندە ژمێرەی و بەهای تائی و لادانی پێوەری بۆ نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی

| ململانێ ڕۆڵ باری خێزانی | ن | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای تائی ژمێراو | T خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری ئامار | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **سەڵت** | ٤٣ | ٣٣,٠٩ | ٤,٩٦ | ١,٣٨ | ١,٩٨٠ | 0.05 | بەڵگەدار نییە |
| **خێزاندار** | ٧١ | ٣٤,٨٠ | ٨,٢٢ | | | | |

لەگەڵ ئەوەیدا ناوەندە ژمێرەیی ئەوانەی کە هاوسەردارن بەرزترە لەوانەی کە سەڵتن، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی جیاوازیەکی گەورە دروست ببێت لە نێوان ئەم دو گروپەدا، بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە توێژەران پێی گەیشتون، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی خێزاندارن توانیویانە گونجانێکی باش دروست بکەن لە نێوان پێداویستی خۆیان و خێزانیان و دامەزراوەکەیان، هەروەها توانیویانە کاتەکانیان بەباشی ڕێکبخەن، گونجاندنێک لە نێوان ئەرکەکانی ماڵەو دامازراوەکەیان دروست بکەن. ئەم ئەنجامەش یەکدەگریتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی الفیفی (٢٠٢٠).

### ئامانجی سێیەم

### زانینی ململانێی ڕۆڵ لەلای مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی ڕاپەڕین بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن

بە هەمان شێوە بە مەبەستی تاوتوێکردنی جیاوازی نێوان گروپەکان بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن، سودمان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا(ANOVA)وەرگرتوە.

خشتەی ژمارە (٥)

ناوەندە ژمێرەیی نێوان گروپەکان و لە نێو خۆی گروپەکان

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی ژمێرەیی دوجاکان | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ململانێ ڕۆڵ** | نێوان گروپەکان | ٥٣٦,٥٥ | 3 | ١٧٨,٨٥ | ٣,٧٠ | ٠,٠١٤ | بەڵگەدارە |
| | نێوخۆی گروپەکان | ٥٣١٠,٦٠ | ١١٠ | ٤٨,٢٧ | | | |
| | گشتی | ٥٨٤٧,١٥ | ١١٣ | | | | |

بەو شێوەیەی کە لە خشەی ژمارە ٥ دا بۆمان دەرکەوتوە جیاوازییەکی مانادار هەیە سەبارەت بە ململانێی ڕۆڵی مامۆستا وفەرمانبەرانی ڕەگەزی مێ زانکۆی ڕاپەڕین بەپێی ئاستی خوێندن لە نێو گروپەکاندا کە ناوەندە ژمێرەیی (١٧٨,٨٥) و لە نێو خۆی گروپەکانیش (٤٨,٢٧) وەک لە خشتەی ژمارە (٥) ڕون کراوەتەوە. بە واتایەکی دیکە ئاستی خوێندن کاریگەری بەرچاو و بەڵگەدار هەیە لە سەر ململانێی ڕۆڵی

مامۆستا وفەرمانبەرانی ڕەگەزی مێ زانكۆی ڕاپەڕین. خشتەی ژمارە (٦و ٧ )ئەوە پیشان دەدات كە جیاوازیەكە لە نێوان كامە ئاستەدایە بەم شێوازەی خوارەوە:

جیاوازی لە نێوان ئاستەكانی خوێندنی ماستەر و دبلۆمدا ماناداره، ناوەندە ژمێرەیی ئەوانەی كە خاوەن بڕوانامەی دبلۆمن (٣٠,١٤) نزمترە لە ناوەندە ژمێرەیی خاوەن بڕوانامە ماستەرەكان(٣٥,٧٨) بەو پێیە ململانێی ڕۆڵێكی بەرچاو هەیە لای ئەوانەی كە خاوەن بڕوانامەی ماستەرن و جیاوازیەكە جیاوازیەكی بەڵگەداری ئامارییە. كاتێک كە لە توێژینەوەكدا باس لە بەڵگەداری دەكرێ بەو مانایە كە ئەو ڕوداوە(جیاوزای، پێوەندی یان كاریگەری و....) بابەتێكی هەڕەمێكی نەبوە بەڵكو بگۆڕەكە كاریگەری هەبوە.

خشتەی ژمارە (٦)

ناوەندە ژمێرەیی گروپەكان بۆ گۆڕاوی ململانێ ڕۆڵ بەپێی ئاستی خوێندن

| ئاستی خوێندن: | ن | ناوەندە ژمێرەیی |
|---|---|---|
| دبلۆم | 14 | 30.1429 |
| بەكالۆریۆس | 37 | 32.5676 |
| ماستەر | 47 | 35.7872 |
| دكتۆرا | 16 | 36.5625 |

ئەو چەشنەی كە دەرئەنجامەكان نیشانیان داوە، لە نێوان گروپەكانی تر جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە وەک لە خشتەی ژمارە (٦ و ٧) دەركەوتوە.

خشتەی ژمارە (٧)

جیاوازی ناوەندەژمێرەیی لە نێوان گروپەكان بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن

| ئاستی خوێندن | ئاستی خوێندن | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| دبلۆم | بەكالۆریۆس | -2.42471 | .683 |
| | ماستەر | -5.64438* | .043 |
| | دكتۆرا | -6.41964 | .062 |
| بەكالۆریۆس | دبلۆم | 2.42471 | .683 |
| | ماستەر | -3.21967 | .157 |
| | دكتۆرا | -3.99493 | .225 |
| ماستەر | دبلۆم | 5.64438* | .043 |
| | بەكالۆریۆس | 3.21967 | .157 |
| | دكتۆرا | -.77527 | .980 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دکتورا | دبلۆم | 6.41964 | .062 |
| | بەکالۆریۆس | 3.99493 | .225 |
| | ماستەر | .77527 | .980 |

بەپێی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران پێی گەیشتون، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دروست بونی جیاوازی ڕۆڵ لە نێوان ئەو کەسانەی کە خاوەن شەهادەی ماستەر و دبلۆمن، چونکە بازدانێکی ئەکادیمی ڕو دەدات لە قۆناغی دبلۆم بۆ بەکالۆریۆس و دواتر بۆ ماستەر، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەسەکە دەبێت و وادەکات ئەرکی زیاتری بکەوێتە سەرشان و پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەی زیاتر دەبێت بە بەراورد بە فۆناغەکانی پێش خۆی لە ئەنجامی ئەوە توشی ململانێ ڕۆڵی دەکات.

**ئامانجی چوارەم:**

**زانینی ململانێی ڕۆڵ لەلای مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی ڕاپەڕین بەپێی گۆڕاوی ساڵی خزمەت**

بە هەمان شێوە بە مەبەستی تاوتوێکردنی جیاوازی نێوان گروپەکان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت، سودمان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا(ANOVA)وەرگرتوە.

خشتەی ژمارە (8)

ناوەندە ژمێرەیی نێوان گروپەکان و لە نێو خۆی گروپەکان

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی ژمێرەیی دوجاکان | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ململانێ ڕۆڵ | نێوان گروپەکان | ١٠٤٦,٧٧ | 3 | ٣٤٨,٩٢ | ٧,٩٩ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| | نێوخۆی گروپەکان | ٤٨٠٠,٣٨ | ١١٠ | ٤٣,٦٤ | | | |
| | گشتی | ٥٨٤٧,١٥ | ١١٣ | | | | |

هەروەک لە خشتەی ژمارە (٨) دا بۆمان دەردەکەوێ جیاوازییەکی مانادار(بەڵگەدار) هەیە سەبارەت بە ململانێی ڕۆڵی مامۆستا وفەرمانبەرانی ڕەگەزی مێ زانکۆی ڕاپەڕین بەپێی ئاستی ساڵانی خزمەت. ناوەندە ژمێرەیی نێوان گروپەکان بەرانبەرە بە (٣٤٨,٩٢) و لە نێو خۆی گروپەکانیشدا بوەتە (٤٣,٦٤).

خشتەی ژمارە (٩و ١٠ )ئەوە پیشان دەدات کە جیاوازیەکە لە نێوان کامە ئاستەدایە بەم شێوازەی خوارەوە:

جیاوازی لە نێوان ئەو کەسانەی سالآنی خزمەتیان (١-٥ و ٦-١٠ و زیاترله ١٦ ساڵە) مانادارە، واتا ناوەندە ژمێرەیی ئەوانەی کە سالانی خزمەتیان لە (١-٥ ساڵ)دایە (٢٩,٣٥) نزمترە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەوانەی کە سالآنی خزمەتیان (٦-١٠ ساڵە)کە (٣٦,٩١) بەڵام ئەوانەی کە سالآنی خزمەتیان کە لە (١٦) ساڵ زیاترە ناوەندە ژمێرەیان (٣٧)، بەو پێیەش تاوەکو سالآنی خزمەتیان زۆرتر بێت ململانێی ڕۆڵیان زیاتر بوە، بەڵام ئەو کەسانەی سالآنی خزمەتیان (١١-١٥ساڵە)ناوەندە ژمێرەیان (٣٢,٢٢)نزمترە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەوانەی کە سالآنی خزمەتیان (٦-١٠ ساڵە)کە (٣٦,٩١) بە هەمان شێوە ئەم جیاوازیەش بەڵگەداری ئامارییە لە بەرژەوەندی ئەوانەی سالآنی خزمەتیان(٦-١٠) ساڵە، جیاوازیەکە جیاوازیەکی بەڵگەداری ئامارییە. بەڵام لە نێوان گروپەکانی تر جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە وەک لە خشتەی ژمارە (٩ و ١٠) دەرکەوتوە.

خشتەی ژمارە (٩)

ناوەندە ژمێرەیی گروپەکان بۆ گۆڕاوی ململانێ ڕۆڵ بەپێی سالآنی خزمەت

| سالآنی خزمەت | ن | ناوەندە ژمێرەیی |
|---|---|---|
| ١-٥ | ٢٠ | ٢٩.٣٥ |
| ٦-١٠ | ٤٧ | ٣٦.٩١ |
| ١١-١٥ | ٣٥ | ٣٢.٢٢ |
| ١٦ ساڵ زیاتر | ١٢ | ٣٧.٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٠)

جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی لە نێوان گروپەکان بەپێی گۆڕاوی سالآنی خزمەت

| سالآنی خزمەت | سالآنی خزمەت | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| ١-٥ | ٦-١٠ | -7.56489* | .000 |
| | ١١-١٥ | -2.87857 | .409 |
| | 16ساڵ زیاتر | -7.65000* | .010 |
| ٦-١٠ | ١-٥ | 7.56489* | .000 |
| | ١١-١٥ | 4.68632* | .010 |
| | 16ساڵ زیاتر | -.08511 | 1.000 |
| ١١-١٥ | ١-٥ | 2.87857 | .409 |
| | ٦-١٠ | -4.68632* | .010 |
| | 16ساڵ زیاتر | -4.77143 | .141 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 16ساڵ زیاتر | ١-٥ | 7.65000* | .010 |
| | ٦-١٠ | .08511 | 1.000 |
| | ١١-١٥ | 4.77143 | .141 |

بەپێی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران پێی گەیشتون، بە هۆی هەڵکشانی تەمەنی مامۆستایان و فەرمانبەران، و کەمبونەوەی وزە و توانایان لە دابینکردنی پێداویستەکانی خۆیان و خێزانیان ئەمەش وادەکات توشی ململانێ ڕۆڵ ببن.

## دەرئەنجامەکان

1. ململانێی ڕۆڵ نزمە لەلای نمونەی توێژیژینەوەکە بەگشتی.
2. جیاوازی بەڵگەداری نییە لە ململانێی ڕۆڵ بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی.
3. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ململانێی ڕۆڵ بەپێی گۆڕاوەکانی (ساڵانی خزمەت و ئاستی خوێندن)
4. ململانێی ڕۆڵ لەلای ئەوانە زیاتر کە ساڵانی خزمەتیان لە (16)ساڵ زیاترە.
5. ململانێی ڕۆڵ لەلای ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی ماستەرن زیاترە بەبەراورد بە خاوەن بڕوانامەکانی تر.

## ڕاسپاردەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی پەروەردەییانەی خستەڕو ئەوانیش بریتین لە:

1. کردنەوەی بەرنامە و خولی بەردەوام بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆ لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی کاتەکانی ڕۆژانەیان.
2. ئەنجامدانی وۆرک شۆپ و کۆنفڕانسی بەردەوام لەسەر ڕۆڵی مامۆستا و فەرمانبەری ژن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا.
3. کردنەوەی دەورات لەسەر چۆنیەتی بونیادنانی کەسیەتی و گونجاندنی خود.
4. هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان لە ڕێگای وتاری دینی و سۆشیال میدیاوە سەبارەت بە ئیشکردنی ژنان لە دەرەوە تاوەکو لە نێوان خیزانەکان کەش و هەوایی گونجاو دروست ببێت.

5. پێدانی کاری گونجاو کە لەگەڵ تواناکانیان گونجاوبێت بۆ ئەو مامۆستاو فەرمانبەرانی کە ساڵانی خزمەتیان زۆرە تەمەنیان هەڵکشاوە کارەکە بەشێوەیەک بێت کە لەگەڵ باری جەستەی و تونایان گونجاوبێت.
6. کردنەوەی خول و دەورەی تایبەت بە و مامۆستایانەی کە تازە ماستەریان وەرگرتوە یەک ئەزمونی مامۆستایی دەکەن بەشێوەیەک هاوکاریان بکات لە چۆنیەتی ڕێکخستنی کاتەکانیان گونجاندنیان لەگەل پیشەکەیاندا.

## پێشنیازەکان

لە بەر ڕۆشنای ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەران چەند پێشنیازێکی پەروەردەییانەی خستەڕو ئەوانیش بریتین لە:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەگەڵ فراوانکردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە تا نمونەی گەورەتر لە خۆ بگرێت و ناوچەو پارێزگاکانی تر بگرێتەوە.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی دیکە لەسەر ململانێ ڕۆڵ لای ژنانی ئیشکەر و پەیوەندی بە هەندێ گۆراویترەوە.
3. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی دیکە لەسەر ململانێ ڕۆڵ لای مامۆستا و فەرمانبەری ڕەگەزی نێر لە زانکۆ و فەرمانگەکانی دیکە.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری بەرنامەیەکی ڕێنمایی لە کەم کردنی ململانێ ڕۆڵ لای مامۆستایان و فەرمانبەرانی ڕەگەزی مێ.

# The role conflict among Female teachers and employees of Raparin University

**Sivan Omar Ismail[3] Peshawa Babakr Braim[2] Farogh Yazdanseta[3]**

[1+2]Department of Kindergarten, College of basic education, University Of Raparin, Ranya. Kurdistan Region, Iraq.
[3]Department of Educational Sciences, Saghez Branch, Islamic Azad University, Saghez, Iran.

## Abstract

The aim of this study was to determine the level of role conflict among female teachers and employees of Raperin University in general and according to the variables (marital status, educational level, and years of service). The research community consists of all female teachers and employees in Raperin University, and the sample consists of (114) teachers and employees. The research tool consists of a role conflict scale consisting of 36 items prepared by the researchers. The statistical methods used were: one-sample t test and (ANOVA). The results showed that role conflict was low in the sample. According to the variables, the marital status variable did not show significant differences between the single and married groups, but there were significant differences according to education and years of service.

**Keywords:** Role, Conflict, Role Conflict, female teachers and employees.

## لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردیەکان:

بۆکانی، سابیر بکر مصطفی. (٢٠١٦). میتۆدی تویژینەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

سەمین سەرحەد محەمەد(2019). ڕۆڵی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن لە بەهێزکردنی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتییەوە (تویژینەوەیەکی مەیدانییە لە ناوەندی قەزای کەلار). گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی(6) ژمارە(1) کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان.

## سەرچاوە عەرەبییەكان:

الأحسن،حمزة.(2015)الضغوط المهنية لدى معلمي المرحلة الإبتدائية وانعكاساتها على مستوى تقدير الذات لديهم (دراسة ميدانية في البليدة وتيبازة)مجلة العلوم التربوية النفسية،مجلد(1)عدد(1).

جمعة، سلمى محمود (2002)،ديناميكية العمل مع الجماعات،المكتب الحديث للنشر والتوزيع،الإسكندرية-مصر.

حيزية، مهشي(2015)، صراع األدوار وعالقته بالفعالية التنظيمية، رسالة الماجستر غير منشورة، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، الجمهـوريـة الجزائريـة الديموقراطيـة.

الختاتنة،سامي.(2012)مقدمة في الصحة النفسية (ط.20)دار الحامد للنشر و التوزيع،الأردن.

خوشناو، جوان أسماعيل بكر(2021) صراع األدوار وعالقته بنوعية حياة المرأة العاملة دراسة ميدانية في أقليم كوردستان/ العراق. كلية اآلداب- جامعة صالح الدين/أربيل أقليم كوردستان/العراق، مجلة لارک للفلسفة واللسانيات والعلوم االجتماعية المجلد(4)العدد (43)

الداهري،صالح حسن،(2011)علم الاجتماع النفسي التربوي ونظرياته،الطبعة الأولى،دار الحامد للنشر،عمان-الأردن.

الزهيري، عاشور موسى الفـت (2012). صـراع الدور وعلاقته بالتحكم الذاتـــــي لدى مدرسات معهد الفنون الجميلة في مدينة بغداد، مجلة آداب المستنصرية، المجلد 2013، العدد (61)، الجامعة المستنصرية كلية الآداب، العراق.

ابراهيم، مروان عبيدالمجيد (2000) أسس البحث العلمى، ط،١ مؤسسه الوراق النشر والتوزيع، عمان- اردن.

سلامة،عبد الحافظ.(2007) علم النفس الاجتماعي، دار البازوري للنشر والتوزيع،عمان.

الشريفين، أحمد، السموحي، أنور(2017). صراع الأدوار الأسرية-المهنية وعلاقته بأشكال االتصال بالمرضى لدى عينة من الأطباء في الأردن، مجلة جامعة الخليل للبحوث، مجلد(12)العدد (2)، كلية التربية، جامعة اليرموک.

الصادق،عثمان. (2014) عمل المرأة الجزائرية خارج البيت و صراع الأدوار.رسالة ماجستير، غيرمنشورة، جامعة بسكرة، الجزائر.

الطويل، هانى عبدالرحمن صالح(2001). الإدراة التربوية و السلوك المنظمي – سلوك الأفراد و الجماعات, دار وائل للنشر و التوزيع, عمان.

عائشة، بوبكر(2012)، العلاقة بين صراع الأدوار و الضغط النفسي لدى الزوجة العاملة –دراسة الميدانية بواحدات صحية لمدينة طولقة، مجلة جامعة ام القرى للعلوم الاجتماعية،المجلد الخامس،العدد(1).

عمومن،رمضان. (2013)عمل المرأة بين صراع الدور و الطموح، بحث مقدم إلى المؤتمر الوطني الثاني حول الإتصال و جودة الحياة في الإسرة بكلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، جامعة ورقلة، الجزائر.

الغرايبية، فيصل محمود(2012)العمل الإجتماعي مع الأسرة والطفولة،الطبعة الأولى،دار وائل للنشر والتوزيع،الأردن–عمان.

كريمة، تواتى(2019) صراع الأدوار لدى معلمات الطور الإبتدائي(متزوجات_ أمهات)، رسالة الماجستر غير منشورة، جامعة العربى بن مهيدى أم البواقى، الجمهـوريـة الجزائريـة الديموقراطيـة.

ماجدة،قراح(2016) تأثير صراع الأدوارعلى الوضعيةالمهنية للمرأة العاملة،دراسة ميدانية بيلدية عين الزيتون– أم البواقى، رسالة ماجستير، غيرمنشورة، كلية العلوم الإجتماعية والإنسانية, جــامعة العربــي بن مهيدي – أم البواقـــي.

مدفوني، رولة.(2019) صراع الأدوار وعالقته بالضغط المهني لدى معلمات المرحلتين الإبتدائية والمتوسطة (دراسة ميدانية في مدينة أم البواقي). أطروحة دكتوراه, غيرمنشورة، كلية العلوم الإجتماعية والإنسانية, جــامعة العربــي بن مهيدي –أم البواقـــي.

## سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

- Akkas,M&Hossain,M&Rhaman,S.(December,2015). Causes and Consequences of Work-Family Conflict (WFC) among the Female 211 Employees in Bangladesh: An Empirical Study. Journal of Business and Economics,12(6),2063-2071.
- Richard,g and Snwden,p : School leadership and administration, important concepts case Studies and simulation, 4thed, Madison ;W C and Bench Mark pub, 1993,n.p.
-